له سکرتاریه‌تی کۆمیته مه‌رکه‌زی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقه‌وه

# مانگرتنی کرێکارانی وزه‌ی کاره‌بای ناسریه به سه‌رکه‌وتن گه‌یشت

به‌پێی به‌یاننامه‌ی 22 / 12 / 2004 ی یه‌کێتی شوراو سه‌ندیکا کرێکاریه‌کانی شاری ناسریه :
له‌م رۆژانه‌ی دووایی دا نارِه‌زایه‌تی کرێکارانی به‌رهه‌مهێنانی وزه‌ی کاره‌بای ناسریه له دژی گه‌نده‌ڵی ئیداره‌ی سه‌پێنراوی کاره‌با هه‌رچی زیاتر په‌ره‌ی سه‌ند و سه‌ره‌نجام ده‌ستیان دایه مانگرتن. به‌رێوه‌به‌رایه‌تی کاره‌بای ناسریه هه‌وڵی ده‌دا ده‌ست به‌سه‌ر برِی مخسساتی به‌شێك له کرێکاران کرێکارانی چاککردنه‌وه (سیانه) دا بگرێت که له وه‌زاره‌ته‌وه بۆ هه‌موو کرێکارانی کاره‌با دیاری کرابوو . هه‌موو برِ و بیانووه‌کانی ئیداره بۆ بێ به‌شکردنی کرێکارانی سیانه له مخسساته‌کانیان نه‌یتوانی به‌ر به په‌ره‌سه‌ندنی نارِه‌زایه‌تی و به‌رپاکردنی مانگرتنه‌که‌یان بگرێت . سه‌ره‌نجام فشار و نارِه‌زایه‌تی کرێکارانی سیانه هاوکات پشتیوانی کرێکارانی به‌شی به‌کارهێنان ( تشغیل ) له داواکه‌یان و په‌یوه‌ست بوونیان به مانگرتنه‌که‌یانه‌وه ئیداره‌ی ناچار کرد مل به داواکاریه‌که‌یان بدات له‌گه‌ڵیاندا رِێك بکه‌وێت بۆ سه‌رف کردنی مخسساته‌کانیان.
ئه‌م مانگرتنه‌ی کرێکارانی به‌رهه‌مهێنانی وزه‌ی کاره‌بای ناسریه بووه جێی قسه‌و باس و سه‌رنجی سه‌رجه‌م خه‌ڵکی شاری ناسریه ، ده‌ست پێکردنی ده‌وره‌یه‌کی نوێ خه‌باتی کرێکارانی وزه‌ی کاره‌با بۆ به‌ده‌ستهێنانی سه‌رجه‌م خواست و داواکاریه‌کانیان . ئه‌م مانگرتنه ئه‌وه‌ی لای هه‌مووان رِۆشن کردووه که هیچ به‌شێك له کرێکاران و خه‌ڵکی بێ به‌شی ئه‌م شاره خۆیان به ته‌نیا نه‌بینن ، ده‌توانن به پشتیوانی له یه‌کتر و یه‌کگرتوویی خۆیان خواست و داخوازیه‌کانیان به‌سه‌ر کاربه‌ده‌ستان و ئیداره‌ی شاردا بسه‌پێنن .
پیرۆزبێت ئه‌م سه‌رکه‌وتنه‌ی کرێکارانی کاره‌بای ناسریه .

2004 / 12 / 24